# سوارەی ئێلخانیزادە و چاپی بەرهەمەکانی

## زەمزەمەی زوڵاڵ، خەوەبەردینە

بریا کاکەسووری                سەرچاوە : ماڵپەڕی روانە

ئەو کاتانە دەیان جار ئەوەم دی کە یەکێ لە دۆستان و ئاشقانی ئەدەبیات، پەڕێ کاغەزی دەردێنا: " کوڕەکان ئەمە تازەترین شێعرێکی کاک سوارەیە دۆزراوەتەوە." من زۆر لاو و خاو بووم؛ هەستم بەوە نەدەکرد ئەو کارە چ مانایەکی هەیە. کەچی بەداخەوە ئێستاش بەردەوام ئەمکارە لە چاپی بەرهەمەکانی ئەودا درێژەی هەیە. چەندێک لەوە پێش چاوم کەوت بە کتێبێک بە ناوی خەوەبەردینە؛ زۆر دڵم خۆش بوو، لە ناکاو هەستم بە ئۆخژنێکی سەیرکرد، چونکە ئەوەی مامۆستای قوتابخانە بێ، دەبێ بەردەوام لەو کتێبە کەڵک وەرگرێ؛ بە تایبەت لە شێعری هەڵۆکەی. ئەگەرچی ئەو شێعرە ماکەکەی هی شاعیری گەورەی رووس "ئەلێکساندێر پووشکین"ـە بەڵام رەنگە لە ناو هەموو قەومۆقیلەیەکدا ئەو شاکارە هەر جوان و درەوشاوە بێ و بە باشی مانای جوان و ناحەزی ژیان بە مرۆکان بگەیەنێ؛ رێگای چاک و خراپی ئەم ژینە کورتە، بە تایبەت بە نەوەی تازە کە زۆر ساف وساویلکەن و هێشتا نازانن ئەو جیاوازییە چەندە زۆر و بەربڵاوە. بە تایبەت بۆ بەرەی نوێی کورد کە ئەم مەسەلەی قەل و هەڵۆیەی لە مەلای خەتێ بەملاوە لەگەڵە و بەردەوام دەبێ لەو جیاوازی قەل و هەڵۆیە ئاگادار بکرێنەوە. وادیارە ئەم شێعرە کاتێ کە لە لایەن پەرویزی ناتلی خانلەرییەوە کراوە بە فارسی، کاک سەلاح موهتەدیش پێی خۆش بووە و کە ئەو وەخت چووە بۆ ئەو دیو و لەگەڵ پێشمەرگەی ئەوکاتی ئەوێ بووە، ئەم شێعرەی لار و لەوێر بۆ مامۆستا هەژار گێڕاوەتەوە ئەو جێگایانەی وا لە بەری بووە بە شێعر و ئەوەی لە بیریشی نەبووە  بە پەخشان بۆی نووسیوە، ئەویش ئاوا کوردادندوویەتی. دوایەش کە کاک سەلاح گەڕاوەتەوە، ئەو کوردییەی مامۆستا هەژاری بۆ کاک سوارە هێناوەتەوە، ئەویش - بە قسەی کاک سەلاح- لە سەر کوردییەکەی مامۆستا، دیسان کردوویەتییەوە بە کوردی. ئەم دوو وەرگێڕانە هەردووکیان کەڵەکارن و یەک لە یەک جوانترن، ئەو جوانیەش لەگەڵ ئەوەی هەست و سۆزی شاعیرانەی هەردوو ئەو پیاوەگەورانەی تێکڵاوە، ئەو وەرگێڕانە زیاتر دەردێکی

گەورەی نیشتمان پەروەرانە بووە و ئەو هاوار و داخ و دیقەی خۆیان تێکەڵ بەو شێعرە کردووە. هەر ئەوەشە دەڵێی هەر لە تەرکەندە کوردی بووە و بۆنی وەرگێران بە هیچ جێگایەکی‌یەوە دیار نی‌یە. لە وەرگێرانی کاک سوارەش‌دا ئەو بەیتەی ئاخری هیچ ناهێڵێتەوە و بەتەواوی ئەو فەلسەفەی ژیانە پیسە قەل‌وێنەیە و ئەو ژیانە پڕ لە سەربەرزی و هەمیشەیی‌یەی بە باشی نەخشاندووە. ئەو شێعرە بە دووی مامۆستا هەژار و سوارەدا چەند جاری دیکەش کراوە بە کوردی، کە یەکیان لە لایەن کاک رەحمان قازی‌یەوە بووە و ئەوی‌دیش لە لایەن مووسا گەرمیانی‌یەوە. پێویستە ئەمە لەبارەی وەرگێرانە فارسی‌یەکەی وەبیرخەمەوە، کاتێ خانلەری ئەو شێعرە دەکاتە فارسی یەکەم کەس بۆ سادق هیدایەتی دەخوێنێتەوە، ئەویش هەر زۆری پێ‌خۆش دەبێ. هەر بۆیە خانلەری‌ش وەک شانازی‌یەکی گەورەی بە نەسیب بووبێ لەڕێوە پێشکەشی ئەوی دەکات و هەردووکیان بە هەڵاتن خۆ دەگەیەننە گۆڤاری "سوخەن" کە خەریکە بچێتە ژێر چاپ. لە بەر ئەمانە ئەم کتێبە بۆ قوتابخانە و مامۆستایان زۆر لازمە و لە شتە پێویستەکانە. ئەوەیە منیش مەجبووربووم ئەو کتێبەم بە دەستەوە بێ و بەردەوام کەڵکی لێ وەرگرم. بە مەوادی چەندەها ساڵ خەوەبەردینەکەی سروەم پێ‌بوو؛ کە دوایە باسی دەکەم هەتا بزانن خوێندنەوەی ئەو چاپە هەمیشە دەردوژانی خۆی هەیە و دڵ هیچ‌کات پێی رانایە.

کاک سوارە لەو شاعیرانە بووە بە هۆی ئەوەی لە سەردەمێکی تایبەتی، زەمانی شادا ژیاوە و کاری کردووە، ئەوسەردەمەش دەرزی ئاژنی ترس و خۆف و خەتەر بووە؛ بە تایبەت بۆ زمان و شێعری کوردی، لەبەر ئەوەیە کارەکانی بەملا و لادا بڵاوبوونەتەوە و هەریەکەی لای کەسێک و شوێنێک بووە. هەر ئەوەش وای کردووە بەرهەمەکانی زۆر نەحەساوە بن و رەنگە رۆحی خۆشی. ئەم نامۆ بوونە هەر بەرهەمەکانی ناگرێتەوە بەڵکوو ژیانی خۆشی بۆ دەیان ساڵ وەک ئەفسانە، وەک شاعیرێکی چەند سەدە لەوە پێش باسی لێ‌کراوە و یەک نووسیویەتی لە ساڵی فلان لە دایک بووە و ئەوی‌دیکە کوتوویە خەڵکی سەقزە و...- وێنەی کاک سوارە لە شێعری فارسی‌دا "هوشنەگ ئیرانی"یە کە هەڵبەت ئەو بە هۆی ئەوەی ژیانێکی عارف‌پیشەی هەبووە، دووش بە هۆی ئەوەی شێعرە بەناوبانگەکەی "قیژەی بەنەوش" کەوتۆتە بەر شاڵاوی هێرشی شاعیرانی‌تر و هێندەیان بە دەنووک لە سەری داوە هەتا تەریک کەوتۆتەوە

و گۆشەنشینی و گۆشەگیری هەڵبژاردووە؛ کەس نازانێ چەند بەرهەمی نووسیووە و ئێستا لە باسی ژیان و بەرهەمەکانی ئەویشدا بڕێک ئەم کێشەیە هەیە.- بەڵام باسەکەی سوارە زۆر جیاوازە، ئەو لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار لە دایک بووە کە مەسەلەی شێعر، شۆڕش، کوردایەتی و فەرهەنگ لەوێدا نامۆ نەبووە. ئەی کەوایە ئەم ئاڵۆزییە چییە لە ژیانی و بەرهەمەکانی ئەو کابرایەدا دروست بووە؟ ئەو وەک دیارە یەکەم جار کەوتۆتە بەر شاڵاوی بێ بەزەیی سروشت و ئەو ئازارە گەورانەی تووش بووە کە حاجی عومەری برای لە پێشەکی خەوەبەردینەدا دەیگێڕێتەوە. دیارە جاری دوایەش زیندان و کێشەی جۆراوجۆری لە ژیانیدا بۆ پێش هاتووە، بەڵام لام وابێ ئەو بە هۆی زەماوەندێک کە کردبێتی کەوتبێتە بەر تانە و بێ‌رەحمی بنەماڵەش. کاک عومەری برای ئاماژەیەکی بچووک بەوە دەکا، بەڵام هەست بەوە دەکرێ کە ئەو زەماوەندەی ئەو، بە چەند هۆ کێشەی تێدا بووە؛ یەکەم ئەوەی کە زەماوەندی لەگەڵ کچێکی ئازەری کردووە و دوایەش لە چ بنەماڵەیەک کچی خواستووە، ئەویش بە قەولی خۆیان بۆ کوڕە عەشیرەتێک! ئەم بۆچوونەی من بە باشی لە نووسراوەکەی کاک عومەردا رەنگی داوەتەوە؛ ئەگەر سەرنج بدەی، ئەو ئەسڵەن لە ناوەوە باسی سوارە بۆ ئێمە ناکات. ئەو بە تەواوی لە دەرەوە و وەکوو لێکۆڵەرێک باسی ژیان و رووداوەکانی بنەماڵەی ئەو دەکا؛ یانی نامۆ، دوورەپەرێز، تا رادەیەکیش –هەرچەند بە گریانی چاوەوە دەس پێ‌دەکا- بێ‌رەحم. ئەو ناڵێ دایکمان مرد، ئەو ناڵێ باوکم تورجانی دا بە قەرەگوێز، ئەو ناڵێ ماڵمان لە دێوە هات بۆ شار و لە جێگایەک باسی ئەو برایەتی و نزیکی و بیرەوەریانە نایەتە گوێ. لە جێگایەک باسی دانیشتنێک، سەفەرێک، را و تەگبیرێک، شەڕ و شۆڕێک ناکرێ. کەوابوو بۆی هەیە ئەم ئاڵۆزییە لە دنیا و بەرهەمەکانی ئەو پیاوەدا هەرئاوا بێ کە کاک عومەر نووسیویەتی دەڵێ دایکی مرد، یان لە بارەی کاریگەری ئەو نەخۆشینە چەتوونەی ئەو لە سەر خۆی وەک برایەک هیچ باسێک ناکات و زۆرشتی‌تر.

ئێستا با بێینە سەر باسی چاپی بەرهەمەکانی: لە زمانی فارسیدا ساغکردنەوەی کتێبێکی وەک دیوانی "حافز" یەکجار زۆر کراوە و رەنگە گەیشتبێ بە بیستیش. ئەمە بۆ زۆربەی بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەم زمانە، وەک سەعدی، تاریخی بەیهەقی، دیوانی شەمس، شانامە و تەزکەرەتولئەولیا و... هەبووە. سەرەکی‌ترین هۆی ئەم کارەش ئەوەیە کە

هەموو ئەم نووسەر و شاعیرانە حەوسەد هەشسەد ساڵ هەتا نۆسەد ساڵ لەمەوبەر ژیاون و بە هۆی نەبوونی چاپیش لەو کاتەدا، بە شێوەی جیاواز نووسراونەتەوە و دوایە لە راست کردنەوە و ساغکردنەوەدا ناکۆکی و جیاوازی سەلیقەی پێش‌هێناوە. ئێستا هاتوون لە کوردیش‌دا تا رادەیەک ئەو کارەیان لەگەڵ سوارە و بەرهەمەکانی کردووە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە چەند چاپی بەرهەمەکانی بکەم کە سەرەکی‌ترینی ئەوانە "زەمزەمەی زوڵاڵ" چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی ئاراس و کۆکردنەوە و رێکخستنی عەبدولخالق یەعقووبی‌یە. ئەوەش بڵێم کە قسەی من تەنیا باسی شێوە و بیچم و فۆرمی چاپ و کەموکووڕی‌یەکانی ئەو چاپانەیە. بەڵام هەرکەسیش دەیەوێ وەدووی رەخنە لە سەر شێعرەکانی ئەو بکەوێ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سروەکانی ژمارە55 بەم لاوە؛ کە ئەو کات باوکی تارا (کاک جەلیل ئازادی‌خا) رەخنەیەکی لە سەر "شار"ی کاک سوارە نووسی و کێشەیەکی باشی نایەوە کە هەتا ئەو وەخت ئەم جۆرە کێشە رەخنەیی‌یانە لە ئەدەبیاتی کوردستانی رۆژهەڵاتدا ئەسڵەن شوێن پێی نەبوو. ئەو هەر لەو سەروبەندەدا رەخنەیەکی دیشی لە سەر "لادە لادە لەچکە تەسکە کەسکەکەت"ی قاسم موئەییدزادەش نووسی هەر جێگای خۆی و کارێکی مێژوویی بوو. بەڵام رەخنەکەی وا لە سەر سوارەی نووسی شتی خۆشی لێ‌نەکەوتەوە؛ جەماعەت بەڕاستی وەک شتێکی پیرۆز تەماشای ئەویان دەکرد و لەو لاشەوە سروە زۆر لایەنگری ئەوانە بوو وا تەنانەت بڕێکیش نا زۆریش بە سارد و سووکی جوابی باوکی تارایان دەداوە.

یەکەم چاپی خەوەبەردینە (سەرجەمی شێعرەکانی سوارە ئیلخانی‌زادە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1372 لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەلاحەدین ئەییووبی. کە بە هیمەتی کاک ئەحمەد قازی و کاک مارف ئاغایی‌یەوە لە چاپ دراوە. چاپی ئەم کتێبە لەو سەردەمەدا کەڵەکارێکی گەورە بوو بۆ سوارە و بۆ چاوەڕوانانی تامەزرۆ و ئاشقانی ئەدەبی کوردی؛ کە ئەوە نابێ بە چاوی ئەوڕۆیانە و بە سووکی تەماشا بکەین. بەڵام کەموکووڕی ئەو چاپە زۆرە و یەکەمیان ئەوەیە کە قەوارەکەی نادیار و سەمەرەیە، یانی نە قەوارە روقعی‌یە نە وەزیری؛ بەڵکوو لەو بەینەدا ماوەتەوە و کەس نازانێ چی‌یە. دوایەش هەر لە لاپەڕەی ناسنامەدا، ساڵی چاپ1371 بە پێنووس کردوویانەتە 1372.

دوایەش لە جۆری فۆنت و قەڵەمدا هیچ جوانکاری‌یەک نەکراوە. لە یەک جێگاش سەرنووس و ژێرنووسی لاپەڕەکان لە بەر چاو نەگیراوە. لە یەک لاپەڕەش‌دا سپی خوێنی و دەسپێکی شێعرەکان لە بەرچاو نەگیراوە. حەوت یان بزوێنەکان بە دەس داندراون و لەوپەڕی بێ‌سەلیقەیی دایە. سەردێڕی شێعرەکان بە خەتی دەس یان قەڵەم قامیش نووسراون کە دەڵێی هی دەورانی سواڵەتە و لەو کابرایە خەت‌خۆش‌تر هەر لە دنیادا نەبووە چ بگا بە کوردەواری! خاڵ‌بەندیی و نوختەدانان دەڵێی زۆر کەم باوی هەبووە. بە گشتی ئەم چاپە لە ئێستادا، خوێندنەوەکەی مایەی عەزابی رۆحە و هەرکەسیش جارێک سەر سەری پێی‌دا بڕوانێ خێرا تێ‌دەگا کەم و کووڕیەکانی لە حەساب نایەن.

دووهەم کتێبی کاک سوارەش تاپۆ و بوومەلێڵ بوو کە ئەویش لە لایەن دۆستانی ئەدەبی کوردی و سوارە و بە هیمەتی کاک سەلاح عەرەبی و کاک عومەری ئێلخانی و چەند کەسی‌تر لە چاپەمەنی پانیزەوە بڵاوکراوە. دەر و ژووری ئەو کتێبە زۆر کەم هەڵە بوو، تەنیا عەیبێک کە هەی بوو ئەوە بوو کە نزیک بە سی لاپەڕەی سپی تێدابوو. ئەویش دەگەڕاوە بۆ سەر پیت‌چنەکەی، کە ئەو کارە لای ئێمە غەیری پیت‌چنی زیاتر هیچ ئەندازە و جوانکاری و سەر و خواری‌یەک لە بەرچاو ناگرن. یانی بە دڵنیایی‌یەوە یەک دانە پیت‌چنیش نی‌یە کە هونەرێک لە کارەکەی‌دا بەدی بکرێت و جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی هاوتای خۆی هەبێ.

سێهەم جاریش سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بڵاو بۆتەوە. دیارە کاری دەزگای ئاراس هەتا ئێستا لە کوردی‌دا بێ وێنەیە، ئەم کارەی بۆ سوارەش کراوە لە سەر کارەکەی ئاراس قسە و رەخنەیەک نی‌یە؛ یان زۆر کەمە. بەڵام کێشەی سەرەکی لە سەر کاری کاک خالق یەعقووبی‌یە کە دەمەوێ بزانم کاری ئەو لەو کتێبەدا چبووە وا ناوی خۆی لە سەر ئەو بەرهەمە داوە؟ دیارە سەرجەمی کارەکە پیرۆزە و بەڵام واش نەبێ بێ‌رەخنە بێ.

لە چەندەها ساڵ لەوە پێشەوە بە هۆی هۆگەلێکی ئاشکرا و نا ئاشکرا هێندێ لە کەسانی ئەم‌دیو وەک کاک بارام وەڵەدبەیگی وکاک خالق و رەنگە چەندەها کەسی‌تریش لەودیو دەستیان ئاواڵە و پەیوەندییان هەبووە کە یەکێ لەو جێگایانە پەیوەندی کاخالق لەگەڵ بنکەی ئاراس بووە.

خوانەخواستە مەنزوورم لە سەر پەیوەندی نیی‌یە و ئەوە شتێکی شەخسی‌یە. بەڵام کتێبی سەرجەم کارەکانی سوارەی ئێلخانی‌زادە، کۆکردنەوە و رێکخستنی عەبدولخالق یەعقووبی بۆ ئێمە جێگای باسە. لە ساغکردنەوەی هەرکارێک‌دا نەریت وایە لێکۆڵەرەوە پێشەکی‌یەک دەنووسێ و شێوەی کاری خۆی بە خوێنەر رادەگەیەنێ. باسی هەموو شەو و شەونخوونی و ئەوین و ماندوو بوونەکانی خۆی لەگەڵ ئەو کارە دەکا. لەوێ‌دا لەگەڵ ئەوەی باسی هەموو کارەکانی پێش خۆی لەو بارەوە دەکا، کەم‌وکووڕی‌یەکانی ئەوانیش باس دەکا و دێتە سەر فەرق وجیاوازی ئەم‌کارە تازەیە لەگەڵ ئەوانەی پێشوو. دوایە خوێنەر تێ‌دەگا کە ئەم بەرهەمە تازەیە چ کەمێکی لێ زیادکراوە و کام زیادیشی لێ‌کەم کراوەتەوە. ئەم شتانە هەموو بایەخ و ئیعتیبار دەدا بە کارەکە و فەرقی کاری تەواو و ناتەواو نیشان دەدا، وەک ئەوەی سەلاح عەرەبی بۆ تاپۆ و بوومەلێڵ و مارف ئاغایی بۆ خەوەبەردینە نووسیویانە.

لە چاپی تازەی ئەو کتێبەش‌دا هەڵەی نازانستی و نائەوڕۆیی کەم نیی‌یە کە کاخالق دەبوو تەکلیفی خۆی لەگەڵ ئەوانە روون کردایەتەوە و جیاوازی خۆی لە کاری لێکۆڵینەوەدا وەدەرخستایە. بۆ وێنە چاپی پێشووی خەوەبەردینە شێعری کۆرپەی لێو بە باری تێدایە کە گوایە دۆستێکی کاک ئەحمەد شەریفی بە گاڵتە نووسیویەتی و پێی داوە، ئەویش بڵاوی کردۆتەوە؛ کە هەرنەبێ ساغکەرەوە دەبوو زۆرشتی ئاوا بە خوێنەر رابگەیەنێ. یان وتارە بەهێزەکەی کاک رەهبەر دەبوو بخرێتە پاشکۆی کتێبەکە، چونکە دەبینی خوێنەر لە نیوەڕاستی سەرجەم بەرهەمەکانی کاک سوارەدا، دەگا بە فەرهەنگۆکی وتاری کاک رەهبەر! کە ئەمە لە باری زانستی و کاری لێکۆڵینەوەی مۆدێڕن‌دا هۆی کەم هێزی کارە نەک بەهێزبوون. من دڵنیام کە کاخالق ناوی خۆی لە سەر ناوچاوانی ئەو کتێبە داوە، تەنانەت یەک جاری پێدا نەچۆتەوە کە من بڕوا بەوە بکەم کە ئەو لە پەیوەندێک زیاتر نەبووە بۆ چاپی ئەو سەرجەمە. بۆ وێنە بچنە لاپەرەی 513 ، لەوێ‌دا لە روونکردنەوەی ژمارە 18 دا هاتووە "کاک قازی ئەحمەد دەیگوت: من ئەو شێعرەم لە کاک سوارە بیستووە و باش لە بیرمە کە بەشی یەکەم تا دەگاتە: "بمردایە". (لاپەڕەی39)... ئێستا ئەم لاپەڕەی -39- یە، لە کوێ‌دایە، نازانم! تۆ لە پڕ سەرت سووڕدەمێنێ کە خودایە لاپەڕەی 39چی‌یە؟ دەگەڕێیەوە بۆ لاپەڕەی 39ی ئەم کتێبە و بەڵام هەیهات! ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چاپی هەوەڵی سروە؛ کۆکەرەوە و

ڕێکخەری بەڕێز تەنیا جارێکیش ئەم کتێبەی نەخوێندۆتەوە هەتا بزانێ ئەم هەڵانە هۆی نوقوستانی‌یەکی گەورەیە بۆ ساغکردنەوەی کارێکی مۆدێرن و جیاواز. ئەو لەم کارە تازەیەدا کە ناوێکی تازەی بە سەرەوەیە، دەبوو بلیمەتی خۆی بنوێنێ؛ یان هەر نەبێ وەک لێکۆڵەرەوەکانی بەرەی نوێ، کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشەوە، بە سەر ئەو کتێبخانە گەورەیەی فارس‌دا کاربکەی، دەبوو ئەم ئیددعایەی بۆ خوێنەرەکەی بخستایەتە ڕوو؛ دەبوو کاخالق سەرانسەری ژێرنووس و سەرنووسی پێشووی تێک دایە و هەموو ئەوانەی تازە کردایەتەوە؛ بەڵام من هیچ هەست بە جێگا پەنجەی ئەو ناکەم! تێبینی هەموو هەر ئەوانەن وا لە چاپی پێشوودا هەن و هەروا لەوپەڕی بێ سەلیقەیی و ناحەزی‌دا یەک لە ژێر و یەک لە سەرەوە نووسراون. لە لاپەڕەی 531 دا، تێبینی‌یەکی تازە هاتووە ئەویش لە ژێرەوە نووسراوە (دەزگای ئاراس) نەک ساغکەرەوە.

هەموو ئەم قسانە دەکرێ وەک شتێکی زەوقی و سەلیقەیی ناودێربکرێن و جوابیان بدرێتەوە بەڵام خۆزگە هەم کاخالق وهەمیش لە کوردستانی ئازاد و بە تایبەت دەزگای ئاراس دەیانزانی لە ئێران چۆن کتێب چاپ دەکەن! هیچ لە ڕواڵەت‌دا بە جوانترین و دڵڕفێنترین شێوە دەیرازێننەوە، لە نێو کتێبێکی دەهەزار و بیست هەزار لاپەڕەییش‌دا یەک دانە هەڵەی گەورە و بچووک نابینی! بەڵام خۆ دەزگای ئاراسیش نازانێ کە چاپ و زەحمەتی دەیان کتێبی وەک دیوانی هەژار، شێخ ڕەزا، بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی و چەندین شتی‌تریان بەڕاستی نوقوستان و ناتەواون، ڕەنگە ئەوان بەوە زۆر دڵیان خۆش بێ کە کاری ئاوا گەورە گەورە دەکەن و هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە کە کاری گەورە لە قەوارەدا نی‌یە و ئەوانە هەموو کەموکووڕییان هەیە. یان بەختیارعەلی دەیان کتێبی چاپ کردووە بەڵام یەکیان نی‌یە بڵێی ئۆخەی! ئەمە باسێکی دوورە و زیاتر دەگەڕێتەوە سەر بناخەی فکری و فەرهەنگی کۆمەڵگایەک لە بەڕێوەبردنی ئەو شێوەکارەی وا دەیکات؛ کە لێرەدا باسی چاپی کتێبە.

دوایین شتێک کە بەڕاستی پڕبەدڵ پێم ناخۆشە و خۆزگە دەخوازم کە وانەبایە ناوی ئەو کتێبەیە! جارێ هەم تاپۆ و بۆمەلێڵ و هەمیش خەوەبەردینە هیچ دوو هێما و نیشانەن بۆ کاک سوارە، بەڵکوو هەردووکیان بۆ ناوی کتێب و بەرهەمێکی ئەدەبی هەتا بڵێی جوانن و پڕن

له راز و رەمز بۆ کتێبخانەی کوردی؛ ئیدی نازانم کێ لەوپەڕی بەڕاستی بێسەلیقەیی‌دا و نواندنی هەستێکی تەواو دیکتاتۆرانە بە سەر ئەو کتێبەوە، ناوی ئەو کارانەی سوارەیان گۆڕیوە و ئەو ناوە سانتیمانتاڵ و سەیرەیان لەو کتێبە ناوە و بەرهەمەکانی سوارەیان لەو رەمز و هێما گەورانەی خۆی دوورخستۆتەوە؛ کە بەڕاستی لای من کارەساتێکی ناخۆشە دەرحەق بەو پیاوە!!

ئاماژەیەک بە دوایین خەوەبەردینەش بکەم و کۆتایی بەم قسانە بێنم. دوایین چاپی ئەو کتێبە لە لایەن کاک "ئەفشین بەهاریزەڕ"ەوەیە و تەنانەت پێشکەشی کردووە بە باوکی. بەڵام من نازانم ئەم پیاوە چ کارێکی لەگەڵ ئەو شێعرانەی خەوەبەردینە کردووە کە ئاوا پیاوەتیشی بە سەرەوە کردووە و پێشکەش بە باوکیشی کردووە!؟ ئەم پیاوە هەتا دڵ بیخوازێ بانگەشە و ئیددعای کۆکردنەوە، لێکدانەوە، شرۆڤەکردنی ئاسەوارگەلی ئەدەبی بۆ خۆی کردووە. -هەڵبەتە زۆر شاراوە و نادیار- ئەو پێی وایە ئەگەر کڕیارانی - خوێنەرانی- (دژلەوەڕ!) و (وەسواسەوە!) لە (سەوەتەی!) لێکۆڵینەوەکانی یەکی وەک ئەو سەودا بکەن و قەرەپووڵێ بدەن دەبێتە هۆی ناسنامەی رەسەنایەتیمان و ئێمەش وەک دیتران (بینە!) ریزی گەلانی خاوەن ناسنامەی ئەم جیهانە. (ئەم قسانە هێندە بە مانا قووڵن کە من بۆم ناچێتەوە سەریەک و نازانم کوێی بە سەر کوێوەیەتی!)

ئەو چواربەندی بۆ گەیشتن بەم جێگایە داناوە کە دووهەمیان شارەزا بوون بە سەر زانستی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن‌دایە؛ یانی ئەو ئەم کارە دەزانێ وئەم خەوەبەردینەیەش نموونەکەیەتی! ئەو زۆر بە توندی رەخنە لە کاری چاپکراوی نیوسەدە لەوەپێش دەگرێ و دەڵێ: بڕوام پێ‌بکەن ئەتوانم بێژم بڕێک‌یان ماندوویەتی نەبێ چی‌تریان بۆ نەماوەتەوە، بگرە لەو بابەتەشەوە ئاڵۆزییان دروست کردووە کە لێرەدا (جێ) باس نییە. لە درێژەی نووسراوەکەی‌دا دەڵێ بو نموونە: نوسخە پێشووە چاپ کراوەکەی خەوەبەردینە. هەرچەند بۆ خۆم مەمنوونی زەحمەتی ئەو برادەرانەم(ئەو برادەرانە!) و لە دوورەوە سڵاویان لێ‌دەکەم، بەڵام لە کارەکەیان‌دا ئاڵۆزی وا بەرچاو دەکەوێ کە بە هیچ جۆرێک پاسا ناکرێت و لە بازنەی زانست و (ئەدەب) بەدەرە. (یانی بەو کارەیان بێ‌ئەدەبیشیان کردووە!) بۆ وێنە: شێعری "بۆ کچە کوردێ" هی سوارە نییە؛ هەرچەن کە کاک مارفیش بۆچوونی وایە کە شایەد شێعری سوارە نەبێ (تازە کاک مارفیش ئاماژەی

پێکردووە ئەگەر نەیکردایە چ دەبوو؟) بەڵام دۆستان بە ناوی سوارەوە هێناویانە و کردوویانەتە دوو بەشەوە و لە ئاکامدا بەشی دووهەمیان لە ئەوەڵەوە هێناوە و بەشی هەوەڵیان خستۆتە ئاخر! ئێمە وەک ئەمانەتێک ئەم شێعرەمان هێناوە بەڵام را و بۆچوونی جیاوازی خۆشمان لە سەر نووسیوە؛ جا با بزانین کامە بۆچوون فارس گوتەنی: "مقبول طبع مردم صاحب نظر شود." (لە پەراوێزی ئەم شێعرە کە لە ئاخرەوە هاتووە بە تێروتەسەلی باسم لە سەر کردووە.) (- کە ئەو باسەی کاک ئەفشین هێندە تێروتەسەلە شتێکە لە مایەی کارەکانی ئاغای زەڕڕینکوبدا!-)

ئەو بەڕێزە وەک کێ مەمنوونی (ئەو بۆرە پیاوانەیە) وا ئەو خەوەبەردینەیان چاپ کردووە و لە دووریشەوە سڵاویان لێدەکا؟!

خولاسەی شتەکە ئەمەیە کە ئەم کارەی ئەو هی خۆشەویستێکی ئاشقی ئەدەبیات و ئاشق و هاوڕێی کاک سوارە بووە، بە ناوی (ئاغای مەم). دیارە هەتا دەفتەرەکەی لێوەرگرتووە (ئاغای مەم) دوایەش بۆتە برادەر و کەس نازانێ ئەو ئاغای مەمە کێیە. بەگشتی ئەو کارەش هیچی تازەی تێدا نییە غەیری دووی رێبەندان کە لە چاپی سروەدا بە هۆی ئاشکراوە چاپنەبووە و چەند دێڕیش سوورەقەڵا. بەڵام دەبوو ئەو کاک ئەفشینە هەرنەبێ بۆ ئەمەگ ناسی و رێزلێگرتن لەو ئاغای مەمە، ناوی ئەو چاپەی بنایە (نووسخەی مەم). بەڵام ئەو دەرنگ هاتوو و دەیەوێ زوو بگاتێ و ناوی خۆشی کوتاوە بە ناوچاوانی ئەو کتێبەدا و وەک موڵکی خۆشی بێ، پێشکەشی کردووە بە باوکی وەک یەکەم مامۆستای ژیانی. بەڵام خۆزگە باوکی دەیفەرموو کە برێک ئەمەگ ناس بە و هەر نەبێ لە دوودێڕدا ئاغای مەم بناسێنە، هەتا خەڵک بزانن لە ئەدەبیاتی کوردیدا چ ئاشقانێک هەن کە بە مەودای نزیک چل ساڵ دەفتەری شێعرێک هەڵبگرێ! با ئاغای مەمیش بیزانیبایە کە ئەویندار و دڵسۆزی ئەو بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەکەی ئاخری رەنگی داوەتەوە.

هیوادارم هەرکارێک کە دەکرێ حەتمین لەوەی پێش خۆی تەواوتر و بێ هەڵەتر بێ، هەتا کتێبی کوردیش بە جوانی وبێعەیبی خۆیەوە شانازی بکات. دوایەش ئەم رەخنانەش هەرچەند هەمووی وانەبێ بەڵام وشیارمان کاتەوە کە هەر کارێک کە دەیکەین چاوی خەڵک و داهاتووی بە سەرەوەیە و ئاگاداری باشترین شێوەی تەواوکردنی ببین.